کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:44 5-2-2007

## سەید ئەحمەد ئەلسافی (نوێنەر و وتەبێژی ڕەسمی سیستانی) : ئەگەر کورد بە دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئاسوودە و بێ کێشە بێت ئەوا یەکەم کەس ئێمە پیرۆزباییان لێدەکەین.... گفتوگۆ – مەریوان نەقشبەندی

ئایەتوڵا عەلی سیستانی مەرجەعی گەورەی شیعەکان زۆر بە دەگمەن دەکەوێتە بەردەم چاوی کامێرا، کەسایەتیەکی کاریگەر و هەستیارە لەلای شیعەکانی دنیا و شیعەی عێراق بەتایبەتی،لەکاتێکدا ئەم کەسایەتیە هێشتا ڕەگەزنامەی عێراقی نییە کەچی لێدوان و میانگیریەکانی کاریگەریەکی سەرسوڕهێنەری هەیە لەسەر ڕەوشی سیاسی و ئاینی عێراق، هەندێك دەڵێن ئەمریکا هێناویتیە عێراق تا ڕێگا لەدروستبوونی دەوڵەتێکی ئیسلامی هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی ئێران لەم وڵاتەدا بگرێت، هەندێکیش دەڵێن سیستانی زیرەکترین و کراوەترین شیعەکانی ئێرانە و هاتوە لەعێراقدا ڕوویەکی گەشی شیعە پێشکەش بکات تا دەستێوەردانی ئێران لەکاروباری ناوخۆی عیراق پەردەپۆش بکات، سیستانی هێشتا هەڵوێست و بۆچونێکی ڕوونی بەرامبەر کێشەی کورد بەگشتی و کورد لەباشووری کوردستاندا (کوردستانی عێراق) نیە، جموجوڵ وسەردانەکانی سیستانی لەناوعێراق و بۆ بۆ دەرەوەی عیراقیش زۆر کەمە یان ڕەنگە نهێنی بێت، ئایندەی عیراق و مەسەلەی دابەشبوونی ئەم وڵاتە بەسەر چەند هەرێمێکدا و توانای کورد بۆ دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ و کێشە کەڵەکەبووەکانی عیراق و چەندین پرسی دیکە لەگفتوگۆیەکدا لەگەڵ سەید ئەحمەد ئەلسافی نوێنەر و وتەبێژی ڕەسمی ئایەتوڵلا عەلی سیستانی شرۆڤە دەکەین و بوونی ئەم نوێنەرەی سیستانی لەسعودیە بۆ بەجێگەیاندنی فەرزی حەج هەلێکی لەباربوو تا بە دووردرێژی گفتوگۆی لەگەڵدا بکەین و لەرێگایەوە کەمێك لە نهێنیەکانی سیستانی شارەزابین.

سەید ئەحمەد ئەلسافی سەرەتا ڕازی نەدەبوو وەك وتەبێژی سیستانی گفتوگۆم لەگەڵدا بکات بەو حوکمەی ئەو بۆ حەج هاتوە و ناکرێت لەسەر ئەو پرسە سیاسیانە قسە بکات، بەڵام ئەو تەوەرانەی لەگەڵ ئەم بەرپرسەی نوسینگەی سیستانی وروژاندم بوە هۆی ئەوەی وەك پلە و پۆستە ڕەسمیەکەی قسە بکات،

سەرەتا دەربارەی ڕەوشی عیراق ڕازی نەبوو بارودۆخەکە بەشەری ناوخۆ وەسف بکات و گوتی ئەو وەسفە لەنێوەندە ناحەزەکان بە ڕەوشی نوێی عیراق دەردەچێت و دەبێ ئەوە ڕەچاو بکەین کە عێراق لە سەری هەرەمەکە بۆ خواری خوارەوە دارماوە و نابێ چاوەڕێی ئەوە بکەین بە ساڵێك و دوان یان بە 10 ساڵی دیکەش ببێتە دەوڵەتێکی وەك دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی ئەوروپا، ڕاستە عێراق خاوەنی دەریایەك نەوتە بەڵام دەبێ بزانین چۆن و کێ ئەو نەوتە دەربێنێت و کێ لێمان بکرێت؟؟! من پێموانیە هیچ بەرپرسێکی عیراق لەهەر ئاستێکدا بێت بزانێت نەوتی عێراق لەچەند شوێن و بەچەند و بۆ کوێ دەڕوات و دەفرۆشرێت، ئەوانەی نەوتی عیراقیان بەرهەم دەهێنا یان پسپۆرە ڕووسییەکان یان هەندێك لەو پسپۆرانەی سەردەمی سەدام بوون کە ئێستا یان کوژراون یان بۆ دەرەوەی وڵات هەڵاتوون، ئێمە وەك ئێرانی سەردەمی دەسپێکردنی شەری ساڵی 1980 ین لەگەڵ عێراقدا، ئەوکات ئێران خاوەنی سەدان فرۆکەی ئەمریکی و سەدان فرۆکەوانی ئێرانی شارەزا و بەتوانا بوو کە لە ڕژێمی پاشایەتیەوە مابۆوە، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێران نەیتوانی ئەو فرۆکانە بەکارهێنێت و متمانەشی بە فرۆکەوانەکانی سەردەمی شا نەبوو، لەبەرئەوە بینیمان خەڵکی ئێران باجی ئەو شەڕەیاندا و زیاتر لە (20) ساڵیش دوای ئەوە هێشتا توانای سەربازی ئێران نەگەیشتۆتە ئاستی پێش ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی. ئەلسافی درێژەی بەقسەکانیدا و گوتی: هەموومان لەعێراقدا نەشارەزا و کەم ئەزموون بووین و هێشتا ناتوانین وڵاتەکەمان ڕێکبخەینەوە،ئەمریکا و ئیعلامی ڕۆژئاوا توانی لەڕووی سیاسی و مەزهەبیەوە عیراق دابەش بکات، هەر پێکهاتە و لایەن و نەتەوەیەك دەیەوێت پێگەی خۆی لەعێراقی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نوێدا بچەسپێنێت و ئەمریکاش پشتگیری هەموو لایەنەکان دەکات، شیعە دەیەوێت ئیسپاتی بکات کە زۆرینە زوڵملێکراوەکەی عێراقە، سوننە خۆی بەزەرەرمەندی ئەم قۆناغە دەزانێت وزۆر بەداخەوە وڵاتەعەرەبیەکانیش رۆڵێکی سلبی لەم تێروانینەدا دەبینن، تەنانەت کوردیش نەیتوانی سوود لە ئەزموونی خۆبەرێوەبردنی خۆی وەربگرێت و خۆی تێکەڵ بە عێراقێك کرد کە ئەوەی من بزانم بەشی هەرەگەورەی کوردەکانی عێراق حەزی پێناکەن و دەیانەوێت دوور لەدەسەڵاتی بەغدا بژین و دەیانەوێت گەرەنتی تەواویان هەبێت بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەو زوڵمەی کە لەساڵانی رژێمی سەدامدا لێیان کراوە، وتەبێژ بەناوی سیستانی لەسەر پرسی کورد لەعێراقدا زیاتر قسەی کرد و گوتی: راستە هەریمی کوردستان لەرووی ئەمنیەوە ئارامە بەڵام رەنگە ئەوە تاکە دەسکەوتی کورد بێت بۆ خۆیان و بۆ عیراقیەکانیش و مەرجیش نییە ئەو ئارامیە بەردەوام بێت، چونکە لەگەڵ بەردەوامبوون و درێژبوونەوەی کاری توندوتیژی و سووربوونی ئەمریکا و وڵاتانی دراوسی بەمانەوەی عێراق بەیەکپارچەیی لەوانەیە گۆرانکاری چاوەڕوان نەکراو بێتە پێشەوە، لەوانەیە سەرکردایەتی سیاسی کورد شتێکی وەك بەدیلی دۆستایەتی ئەمریکایان لەپێش نەبێت تا بتوانن لەبەرامبەر هەرەشەکانی دراوسێکانیاندا بوەستن، بەڵام دەتوانن وەك هێزێکی دیموکراتخواز و خاوەن برِیاری عێراق بەدیار بکەون،چونکە خەڵکی کوردستان زۆربەیان نەتەوەیین وەك بیستومە و لێیان تێگەیشتووم خراپترین سەرکردە و حکومەتی خۆیان بە باشتر دەزانن لەباشترین دەسەڵاتی عەرەبی یان هەر دەسەڵات و حکومەتێکی دیکەی عیراق، لەبەرئەوە ئەو قەبارە سیاسیەی ئێستا کورد لە عێراقدا هەیەتی ئەگەر زیاد نەکات ئەوا کەم ناکات،

سەبارەت بە نهێنیەکانی ژیانی (سیستانی) نوێنەرەکەی گوتی: سەماحەتی ئایەتوڵڵا سیستانی (کە ئەو کۆمەڵێك نازناوی گەورەکردنی لەگەڵدا دەگوت) هەمیشە مەرجەعێکی خێر بووە و ئەوە لەلای ئەو گرنگ نیە عیراقی بێت یان ئێرانی، شیعە بێت یان سوننە، کورد بێت یان عەرەب، بەڵکو ئەوەی لەلای ئەو گرنگە ئیسلام و خێر و خۆشی و سەلامەتی موسڵمانانە، سیستانی زۆر گەورەترە لەوەی بەئێرانی یان عێراقی لەقەڵەم بدرێت، هەروەها گوتی سەماحەتی سیستانی دەست لەکاروباری سیاسی وەرنادات و هەمیشە بانگەشەی ئاشتی و پێکەوەژیان دەکات بۆ هەموو گەلانی ناوچەکە، لەوەڵامی پرسیارێك کە بۆچی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و لاپەرەی رۆژنامەکان دەرناکەوێت ئەحمەد ئەلسافی گوتی: یەکێك لە گەورەییەکانی سیستانی ئەوەیە، ئەو پێی وانیە دەرکەوتن لە تەلەفزیۆن و رۆژنامەکاندا کەسایەتیەکان گەورەبکات، بەپێچەوانەوە ئەو هەڵوێستە نیشانەی تەوازوع و موسڵمانیەتی راستەقینەی ئەم مەرجەعە گەورەیەیە، دەربارەی گومانی پەیوەندی سیستانی لەگەڵ ئەمریکا ئەحمەد ئەلسافی تورەبوو گوتی: ئەمە قسەی تەکفیری و تیرۆرستان و ناحەزانی عیراق و ناحەزانی شیعەیە، باشە بۆ ناپرسن بۆچی سەماحەتی سیستانی هەتا ئێستا ئامادەنەبووە یەك جاریش چاوی بە بەرپرسانی ئەمریکا و رۆژئاوا بکەوێت؟! لەکاتێکدا خەڵکانی دیکە پێشبرکێ دەکەن بۆ بینینی باڵوێزی ئەمریکا یان هەر ئەفسەرێکی ئەمریکا لەعیراقداو لەدەرەوەی عیراقیش بە دەیان دیداری نهێنی و موخابەراتی لەگەڵ بەرپرسانی (CIA) ئەنجام دەدەن.

وتەبێژی گەورەمەرجەعی شیعە (ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی) دەربارەی پەیوەندی مەرجەعەکەیان لەگەڵ کورد و سەرکردایەتی سیاسی کورد دەڵێت: کورد پێگەیەکی بەرێزی لەلای سیستانی هەیە، چەندین جار باسی لە حیکمەتی سەرکردە کوردەکان کردوە بەتایبەتیش بەرێزان مسعود بارزانی و جەلال تالەبانی، ئەوەی من ئاگاداربم بۆ یەکەمجار بەرێزیان پێشوازی لە کۆمەڵێك لە مامۆستایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان کرد و داوایەکیشی قبووڵ کردن کە وێنەیەکی فۆتۆگرافیان لەگەڵدا بگرێت کە ئەوە هەڵوێستێکی دەگمەنە لە مێژووی ژیانی سیستانیدا کە رازی نابێت لە دیدار و کۆبونەوەکانیدا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

كامێرا بەشدار بێت یان وێنە بگیرێت. ئەلسافی ئەم هەڵوێستەی سیستانی بە خۆشەویستی و رێزگرتن لە گەلی كورد زانی و گوتیشی: هەمیشە نەسیحەتی ئێمە دەكات كە پەیوەندیمان لەگەڵ برایانی كورد لە بەغدا باش بێت و چەند جارێكیش من داوام كردووە لە بەرپرسانی كورد لە بەغدا كە نوێنەری كەناڵە ئاسمانیەكانی كوردستان بێنە نەجەف و كەربەلا و لەوی نوسینگە بكەنەوە و ئەگەر بكرێت وتارەكانی ئێمە لەرۆژی هەینی بگوازنەوە، چونكە ئەو وتارانە ئێستا كاریگەریەكی زۆریان لەسەر رەوشی سیاسی و ئاینی و كۆمەڵایەتی عیراق هەیە و من وەك وتەبێژی سیستانی هەرگیز ئامادەنیم لێدوان بدەم یان كۆنگرەی رۆژنامەوانی بگرم بەڵكو تەنها لەرێگای وتاری رۆژی هەینیەوە لە كەربەلا هەموو بۆچوون و ئامۆژگاریەكانی سەماحەتی سیستانی بە خەڵكی دەگەیەنم.

ئەلسافی سەبارەت بەدروستبوونی دەوڵەتێكی هاوشێوەی ئێران لە عیراقدا گوتی: ئەوەش دەچێتە چوارچێوەی بیركردنەوەی كورتی هەندێك لە ناحەزانی ئیسلام و دیموكراتخوازیی، چونكە كەسێك تۆزی لە ئەلفوبێی سیاسەت بزانێت بۆی دەردەكەوێت دروستبوونی دەوڵەتێكی ئیسلامی هاوشێوەی ئێران لە عیراقدا نەك هەر مەحاڵە بەڵكو بیركردنەوەیەكی شێتانەیە و كاڵفامەكان ئەم پرسە دەورووژێنن، رژێمی سەدام بە خواستی ئەمریكا روخا و دوای ئەو روخانە لایەنە عیراقیەكان خۆیان خستە سەرگۆرەپانەكە و هەندێكیشیان هێشتا باوەر ناكەن كە سەردەمی سەدام و بەعس تەواو بووە. پێكهاتە و بارودۆخی سیاسی عیراق ئێجگار جیاوازە و هەرگیز بە ئێران بەراورد ناكرێت، سەبارەت بە پەیوەندی سیستانی لەگەڵ ئێراندا گوتی: ئێران دەوڵەتێكی گەورەی دراوسێی عێراق و هێزێكی راستەقینەی ناوچەكەیە، بەڵام دڵنیاتان دەكەم ئەوە مانای پەیوەندی و پابەندبوونی سیستانی بە سیاسەت و بیركردنەوەی ئێرانەوە نییە، ئێستا سیستانی بەهەموو توانایەكیەوە كار بۆ سەقامگیری و ئاشتی لە عیراقدا دەكات، لە زۆر مەسەلەی سیاسی و تەنانەت ئاینیشدا لەگەڵ ئێرانیەكان ناكۆكە، سیستانی لەهەر مەرجەعێكی دیكەی شیعە بروای بە دیموكراسیەت و حوكمی یاسا و دەستوور هەیە، هەرگیز گوێم لێنەبوە شتێك بڵێت كە دژی ئاشتی و خۆشگوزەرانی و خواستی عێراقیەكان بێت، قەبارە و ژمارەی نەتەوە و پێكهاتەكانی عیراق هەرچەند بوبێت سەماحەتی سیستانی رێزی لێگرتوون و من پێموایە ئەگەر بەرێزیان بزانێت كورد لە عیراقدا بە دامەزراندنی دەوڵەتێكی سەربەخۆ ئاسوودە و بی كێشە دەبن ئەوا پێش هەموو كەس پیرۆزباییان لێدەكات. بەڵام ئێوە خۆتان باش دەزانن ئێستا بارودۆخی عێراق و هاوكێشە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەكان چۆنە؟ و چۆن رووداوەكان تەنگیان بە هەموو پێكهاتە عیراقیەكان هەڵچنیوە و وڵاتانی دراوسێش دەیانەوێت لەسەر حسابی عیراقیەكان پەیوەندی و بەرژەوەندیەكانیان لەگەڵ ئەمریكا و وڵاتە بریاربەدەستەكانی جیهاندا رێكبخەنەوە.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.